# یەزیدی کوڕی ئەسوەد نوێژی بەیانی کرد لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، پاشان خەڵکی بەپەلە هەستان ودەستی پێغەمبەریان گرت -صلى الله عليه وسلم- ودەیانهێنا بەسەر ڕوویان، دەڵێت: منیش دەستیم هێنا بەسەر ڕوومدا، ساردتر بوو لە بەفر، وبۆنی خۆشتر بوو لە میسک

لە یەزیدی کوڕی ئەسوەدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «نوێژی بەیانی کرد لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، پاشان خەڵکی بەپەلە هەستان ودەستی پێغەمبەریان گرت -صلى الله عليه وسلم- ودەیانهێنا بەسەر ڕوویان، (یەزید) دەڵێت: منیش دەستیم هێنا بەسەر ڕوومدا، ساردتر بوو لە بەفر، وبۆنی خۆشتر بوو لە میسک».

[صەحیحە] [ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

یەزیدی کوڕی ئەسوەد لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی بەیانی کرد، بینی خەڵکی بەپەلە هەڵدەستن ودەچن بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ودەستەکانی دەگرن ومەسحیان دەکەن بەسەر ڕوویاندا بۆ تەبەروک کردن*، ئەویش (یەزید) دەستی پێغەمبەری هێنا بەسەر ڕوویدا -صلى الله عليه وسلم-، بینی ساردتر بوو لە بەفر، وبۆنی خۆشتر بوو لە میسک. *(تەبەروک: واتا داواکردنی بەرەکەت وپیرۆزی لە خوای گەورە دەکات بە دەستلێدان لەو شتانەی ڕێگەپێدراوە لە شەریعەتدا کە تەبەروکی پێوە بکرێت، واتا تەنها دەستی لێدەدرێت وداوا لەو شتە ناکرێت کە بەرەکەت بهێنێت بەڵکو تەنها دەستلێدانە وهێنانیەتی بەسەر لاشەدا بە نیەتی ئەوەی خودا بەرەکەت وپیرۆزی بهێنیت بەهۆی ئەم شتەوە وەکو بۆ نمونە تەبەروک کردن بە شوێنەواری پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10960

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee